## مەیسەم نەحاس بۆ گوڵان:

# دەکرێت ئافرەتی هونەرمەند بە شێوەیەکی گونجاو سەرنجڕاکێش بێت



**مەیسەم نەحاس یەکێکە لەو خانمە هونەرمەندانەی کە ماوەیەك دەبێت ملی داوەتە بەر گۆرانی گوتن لە وڵاتێکی وەکو کە بە هونەرمەندانی گەورە و بە توانا ناوبانگی دەرکردووە و لەسەر ئاستی وڵاتە عەرەبییەکان و تەنانەت جیهانیش ناوبانگێکی زۆریان هەیە و، زۆریان لەسەر ئاستی جیهانیش سەرکەوتوون وەك فەیروز و سەباح و وەدیع ئەلسافی و ملحم بەرەکات و چەندانی تریش، هەربۆیەش کەسێکی نوێ لەو بوارەدا کە لە وڵاتێکی خاوەن ئەم ئەستێرانەدا بیەوێ دەرکەوێت یان سەرکەوێت رەنگە کارێکی زەحمەت بێت ئەگەر ئەستەم نەبێت، هەرچەندە وەك خۆی دەڵێت زۆری ماوە تا بگاتە ئەو ئاستەی لە خۆی رازی بێت، بەڵام چەند کارێکی زۆر جوان و سەرکەوتووشی پێشکەش کردووە بە شایەدی زۆر لە هونەرمەندە ناودارەکان.**

**بەر لە ماوەیەك دوای ئەوەی ژمارەی تەلەفۆنیمان دەست کەوت پەیوەندیمان پێوە کرد و ئەم دیمانەیەمان لەگەڵیدا سازدا**

**دیمانە/ خەلیل بلەیی**
**Xalil2001@yahoo.com**

*** سەرەتا با بزانین مەیسەم نەحاس کێیە؟**

- مرۆڤێکی هێمن و سادە و ساکارە حەز دەکات بە خۆشی بژیت دوور لە کێشە و گیروگرفت، هونەرەکەی خۆی خۆشدەوێت و هەوڵ دەدات هەمیشە شتی نوێ و جوان پێشکەش بکات.

***چ پێوەرێکت بۆ خۆت داناوە لە کاری هونەریدا ؟**

- دەبێ ئەو راستییە بزانین کە کاری هونەری یەکێکە لە کارە هەرە سەختەکان بۆ هەر کەسێك لەبەر ئەوە ئەو کەسەی بەهرەی هەیە و ئەو بوارەی هەڵبژاردووە دەبێ زۆر وریا بێت، من بەر لەوەی هەر هەنگاوێك بهاوێم زۆر بە وردی لێکی دەدەمەوە و بیر لە ئاکامەکانی دەکەمەوە، هەروەها پەلە لە جێبەجێ کردنیدا ناکەم، هەرچەندە هەندێك کەس پێیان وایە من بە پەلە کردنم پێوە دیارە.

*** زۆر لە هونەرمەندان تەنیا کار بۆ ناوبانگ دەرکردن دەکەن تۆ چۆن لەمە دەڕوانی؟**

- من تا رادەیەکی زۆر بەناوبانگم و پێویست بەوە ناکات تەنیا بۆ ناوبانگ کار بکەم، چونکە ئەم مەسەلەیە زیاتر پەیوەندی بە جەماوەرە هەیە و رەنگەی دوا بڕیاریش هەر بۆ ئەو بێت.

*** خۆت بە ئەستێرە دەزانی ؟**

- ئەمەش جەماوەر و کارە هونەرییەکان بڕیاری لەسەر دەدەن، بەڵام من پێموایە هەر کەسێك بە خێرا ناوبانگ دەربکات و جەماوەر بە خێرا بیناسێت بە هەمان شێوە بە خێراش لەبیری دەکات.

*** شانس رۆڵی هەبووە لە ژیانی تۆدا؟**

- من بڕوایەکی تەواوم بە شانس هەیە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، بێگومان شانس زۆر رۆڵی هەبووە بۆ من بە هەردوو لایەکەوە، چونکە هەندێك جار لە بەرژەوەندی من بووە و هەندێك جاریش بە پێچەوانەوە، بەڵام زیاتر رۆڵی باشی هەبووە.

*** گۆڕینی ستایلی گۆرانی یان شێوەی دەرکەوتن بۆ هونەرمەند تا چەند گرنگە؟**

- هەموو مرۆڤێك لە ژیاندا بەردەوام پێویستی بە گۆڕان هەیە لە هەموو شتەکان، هەر کەسێکیش کە هونەرمەند بێت زیاتر پێویستی بەو گۆڕانە هەیە بەتایبەتی ئافرەتان، من زۆر جار شێوەی خۆم (لۆك)م گۆڕیوە هەروەها ستایلی گۆرانی گوتنیش بە هەمان شێوە، چونکە هونەرمەند دەبێ بۆ هەموو کەسێك گۆرانی بڵێ.

*** رات چییە بەرامبەر بە دیاردەی نوێ بوونەوە یان نوێکردنەوە لە هونەردا؟**

- پێویستە نوێکردنەوەکە زۆر بە وردی ئەنجام بدرێت و ئامانجێکی هەبێت لە هەمان کاتدا شوێنێك لە دڵی جەماوەردا بگرێتەوە نەك بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و تەنیا بۆ نوێکردنەوە بێت، پێویستە هونەرمەند بیر لە ترس و دوو دڵی نەکاتەوە کاتێك بزانێ پێویستی بە نوێکردنەوەیە ئەو کات دەبێ زۆر بە قوڵی لە مۆسیقا و شیعر و دابەشکردن ورد بێتەوە و لە هەموویشی گرنگتر بڕوایەکی تەواوی بەخۆی هەبێت، بەڕای من پێویستە هونەرمەند ئەگەر بیر لە گۆڕانکاری بکاتەوە بەشێوەیەکی دوور بین بیر بکاتەوە واتە نەك تەنیا لە کارێکدا گۆڕاو بێت دواتر دووبارە بگەڕێتەوە سەر هەمان پێڕەوی پێشووی .

*** بۆچی هونەرمەندان زۆر جار لەگەڵ کۆمپانیاکان گرفتیان هەیە؟**

- سوپاس بۆ خوا من یەکێکم لەوانەی کە زۆر حەز لە گرفت ناکەم ئەگەر گرفتیشم هەبووبێت لەگەڵ کۆمپانیایەك ئەوا هەوڵم داوە بە هێمنی چارەسەری بکەم بێ هەڵچوون و تووڕە بوون و قسە بە یەکتر گوتن لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن.

سەبارەت بە هۆکاری گرفتەکان من دەڵێم ئێستا هونەر بۆتە کارێکی بازرگانی هەردوولا کۆمپانیا و هونەرمەند هەوڵی ئەوە دەدەن سوود لە یەکتری وەربگرن، کۆمپانیا لە ناوبانگی هونەرمەند هونەرمەندیش لە لایەنی ماددییەوە سوود لە کۆمپانیا وەردەگرێت بۆ ئەوەی ژیانی خۆی پێ مسۆگەر بکات لە هەمان کاتدا بتوانێت بەردەوام بێت و لە ڕێگای ئەم کۆمپانیایانەوە زیاتر بگاتە جەماوەر، هەر بۆیەش من پێموایە بوونی گرفت و لێك نەگەیشتن کارێکی زۆر ئاساییە.

*** ئەگەر جەماوەری خۆت تۆ بە یەکەم هونەرمەند دابنێن هەست بە چی دەکەیت؟**

- من بەم کارەیان رازی نابم و هیچ کاتێکیش نەمگوتووە و نالێم من یەکەم ئەگەر جەماوەری منیش ئەم قسە بکات ئەوا ئازادە، هەروەها هەموو هونەرمەندەکانی تریش هەریەکیان بە ئەندازەیەکی زۆر جەماوەری خۆیان هەیە و ڕەنگە زۆریان جەماوەریان لە من زیاتریش بێت ئەوانیش ئازادن هەر شتێك بۆ ئەو کەسە بڵێن کە حەز لە دەنگ و هونەرەکەی دەکەن، بەڵام نابێ لەسەر حیسابی هونەرمەندانی تر یان بریندارکردنی هەستی خەڵکی تر بێت و من زۆر سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە دەنگ و هونەری منیان پێخۆشە.



*** راستە هونەرمەندە ئافرەتەکان ئێستا زیاتر پشت بە جوانی دەبەستن؟**

- بەر لە هەموو شتێك دەمەوێ ئەوە بڵێم هەموو ئافرەتێك مافی خۆیەتی چۆن خۆی برازێنێتەوە و جوانی خۆی نیشان بدات یان هەوڵ بدات سەرنجڕاکێش بێت، بە هەمان شێوە لە بواری هونەریشدا جوانی و نیشاندانی جوانییەکان زۆر گرنگە بەتایبەتی بۆ ئافرەتان، بەڵام جوانی بە تەنیا نابێتە هۆی ئەوەی من بڵێم هونەرمەندێکی سەرکەوتووم، چونکە شێوە و ڕوخسارم جوانە، مرۆڤ دەبێ لە ناخی خۆیەوە جوان بێت و دەبێ جوانی دڵ و دەروون جوانی ڕوخسار تەواو بکات و بەدەری بخات.

*** تۆش رەخنەی ئەوە لێدەگیرێ کە زیاد لە پێویست هەوڵ دەدەی سەرنجڕاکێش بیت، وەڵامت چییە بۆ ئەمانە ؟**

- جیاوازی هەیە لە نێوان مێینەیی سەرنجڕاکێش وەك باسم کرد، ئەمە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ئافرەت لەگەڵ ئەو سەرنجڕاکێشییەی کە ئێستا هەندێك کەس لە سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان بەکاری دەهێنن بۆ دەرکەوتن و خۆ دەرخستن و تەنیا مەبەستیان کۆکردنەوەی پارەیە، من دژی ئەوە نیم ئافرەتی هونەرمەند سەرنجڕاکێش بێت، بەڵام بەشێوەیەکی گونجاو کە تەنیان مێینەیی خۆی تێدا بەدیار بخات .

*** ئایا هونەر بووەتە سەرچاوەی کامەرانی بۆ تۆ؟**

- من کامەرانی و خۆشی خۆم لەوەدا دەبینم کە لەڕێگای هونەرەوە شتێك پێشکەش بکەم و دڵی هەندێك کەسی دیکە خۆش بکەم، بێگومان هونەر بووەتە هۆی ئەوەی من ناوبانگ دەربکەم و زیاتر بناسرێم، من ئەگەر گۆرانیم نەگوتبا و هونەرمەند نەبوومبا رەنگە وەك هەزاران ئافرەتی دیکە کەسێکی ئاسایی دەبووم هەرچەندە من ئێستاش خۆم بە کەسێکی سادە و ئاسایی دەزانم، بەڵام لەبەر ئەوەی هونەرمەند و خەڵك دەمناسن زۆر بە وریاییەوە کارەکانم دەکەم و هەنگاوەکانم دەهاوێم، هەروەها لەڕووی ماددیشەوە تا رادەیەك سوودی هەیە.

*** سەرمایەی هونەرمەند چەند گرنگە بۆ پێشخستن و سەرکەوتنی؟**

- من جەماوەر بە گرنگترین و پڕ بەهاترین سەرمایەی خۆم دەزانم، چونکە ئەگەر هونەرمەند جەماوەری نەبێت ئەوا سەرمایەی ماددی هەرچەند زۆریش بێت کاریگەرییەکی زۆری نابێت لەسەر سەرکەوتن و پێشخستنی هونەرمەند.

***کێ لە هونەرمەندەکان بە پێشەنگی خۆت دەزانی؟**

- من وەك زانکۆیەك سەیری هونەر دەکەم کە هونەرمەندانی پێشی خۆمان مامۆستای ئەم زانکۆیەن، بۆیە کە قوتابی لە زانکۆ بوو بە یەك چاو سەیری مامۆستایەکانی دەکات و لە هەر مامۆستایەك شتێك فێر دەبێت و ناتوانێت دەستبەرداری هیچ کامیان بێت، بۆیە من ناتوانم بەناو دەستنیشانی بکەم و بڵێم فلان هونەرمەند پێشەنگە بۆ من .

●●●
ئێستا هونەر بۆتە کارێکی بازرگانی هەردوولا کۆمپانیا و هونەرمەند هەوڵی ئەوە دەدەن سوود لە یەکتری وەربگرن، کۆمپانیا لە ناوبانگی هونەرمەند هونەرمەندیش لە لایەنی ماددییەوە سوود لە کۆمپانیا وەردەگرێت
●●●

●●●
هەموو ئافرەتێك مافی خۆیەتی چۆن خۆی برازێنێتەوە و جوانی خۆی نیشان بدات یان هەوڵ بدات سەرنجڕاکێش بێت
●●●



*** سەرکەوتنی خۆت لەچیدا دەبینییەوە؟**

- من پشت بە توانا و بەهرەکانی خۆم دەبەستم، بەڵا زۆر ڕێنمایی لەکەسانی شـــارەزا وەردەگرم و هـــەوڵ دەدەم بە ئامۆژگارییەکانیـــان کارەکانم جوانتر بکەم.

*** تاچەند لەخۆت رازی؟**

- ئـــەو هونەرمەندی کە دەڵێ لەخۆم رازیم دڵنیـــام بڕوای بە خۆی نییە، چونکە هیچ کارێك بێ کەموکوڕی نابێت.

*** ئەگەر داوات لێ بکرێت واز لە گۆرانی گوتن بهێنی رازی دەبی؟**

- من ئێســـتا بە هیچ شێوەیەك بیر لەم بابەتە ناکەمەوە، چونکە هونەر بۆتە بەشـــێکی زۆر گرنگ لە ژیانی من، هەروەها نامەوێ لە ئێستاوە باس لە دوارۆژ بکەم.

***بۆچی ئێوەی لوبنانی رووتان کردۆتە گۆرانی گوتن بەشێوەزارەکانی دیکە بەتایبەتی کەنداوی؟**

- نیشـــتیمانی عەرەبی زۆر گەورەیە و بە دەیان شـــێوەزاری قســـە کردنی تێـــدا بەکاردەهێنرێن، هـــەر هونەرمەندێکیش بیەوێ جەمـــاوەری زۆر بێت پێویســـتە بە زۆرترین شـــێوەزارەکان گۆرانی بڵێ تەنانەت ئەگەر گۆرانییە کۆنەکانـــی هونەرمەندانی دیکەش دوبارە بکاتەوە، لوبنانییەکان هەوڵ دەدەن بە شێوەزاری میسری و عێراقی و کەنداوی گۆرانی بڵێن ئەمەش وەك گوتم زۆر بۆ جەماوەر دەگەڕێتەوە، بێگومان رەنگە هۆکای ماددیش لەپشـــت ئەو مەسەلەیەوە هەبێت، چونکە هەر گۆرانیبێژێك ئەگەر بە شێوەزاری کەنداوی یان میســـری گۆرانی بڵێ دەرفەتی زیاتری بۆ دەڕەخســـێت لەو وڵاتانەدا ئاهەنگ ساز بکات و بەشداری لە فیستیڤاڵەکاندا بکات.

*** گرنگترین ئەو سیفەتانە کە تۆ لە کەسایەتی خۆتدا بەرچاو دەکەوێت؟**

- من مرۆڤێکی زۆر هەستیارم رەنگە ئەمەش زۆر جار زیانم پێ بگەیەنێت، هەروەها توانایەکی زۆرم هەیە لە ئارام گرتن لەسەر شتەکان .

***ئایا راســـتە هەندێك لە هونەرمەندان لە بواری خۆشەویستییەوە تا رادەیەك تووشی گرفت و دوو دڵی دەبنەوە ؟**

- ئەمە دەگەڕێتەوە ســـەر سروشـــت و دەروونی هەر هونەرمەندێك بە تەنیا، چونکـــە هونەرمەندیش مرۆڤێکی ئاســـاییە و وەك هەموو مرۆڤێکی دیکە خاوەن هەست و نەستی خۆیەتی .

***تا چەند گرنگی بە ژیانی خۆت دەدەی؟**

- رۆژانە بە شـــێوەیەکی رێکوپێك وەرزش ئەنجـــام دەدەم تەنیا لەو حاڵەتانە نەبێـــت کە لە دەرەوە بم یان لە گەشـــتێکی هونـــەری، زۆر حەز دەکەم بە شێوەیەکی سروشـــتی دەربکەوم هەرچەندە ماکیاژ و کەرەستەی جوانکاریش بەکاردەهێنم، بەڵام زۆر لە قەڵەوی دەترسم بۆیە گرنگییەگی زۆر بە خواردن دەدەم و هەوڵ دەدەم هەمیشـــە لەو خواردنانە دووربکەومەوە کە دەبنە هۆی قەڵەوی.

*** ئەی سەبارەت بە نەشتەرگەرییەکانی جوانکاری چی دەڵێی؟**

- هەموو مرۆڤێك ئازادە چی دەکات، رەنگە نەشـــتەرگەری جوانکاری بۆ کەسانێك کارێکی پێویست بێت هەندێکی دیکەش هەن حەز دەکەن بەجوانترین شـــێوە دەربکەون و جوانی خۆیان زیاتر نیشان بدەن یان ببنە هۆی راکێشانی ســـەرنجی خەڵك، بەڵام بۆ هونەرمەند شـــێوەی دەرکەوتـــن زۆر گرنگ، چونکە ئێســـتا ســـەردەمی دەنگ و رەنگە، منیش بەشێوەیەك لە شێوەکان نەشتەرگەریی جوانکاریم ئەنجامداوە.

*** ئێستا ژمارەی گۆرانیبێژەکان زۆر بووە ئایا ئەمە کار ناکاتە سەر ئاستی هونەر؟**

- وەك دەزانین ئێســـتا ژمارەی کەناڵە ئاسمانییەکان بەتایبەتی هونەرییەکان زۆر بووە و بەردەوام ئەمەش بووەتە هی دەرکەوتنی کەسانێکی زۆر کە گۆران دەڵێن من ناتوانم رای خۆم دەربارەی هیچیان دەرببڕم، چونکە ئەوەی ئێستا ســـەبارەت بە هەندێکیان دەگوترێت رەنگە سەبارەت بە منیش گوترابێت یان بگوترێت، ئەمە جەماوەر بڕیاری لەسەر دەدات.

*** زۆر لـــە هونەرمەندە لوبنانییەکان بەتایبەتـــی ئافرەتەکان ناکۆکی هەیە لەنێوانیان، تۆ لەگەڵ کەس گرفتت هەیە؟**

- نەخێـــر من تا ئێســـتا دووچاری ئەم شـــتانە نەبوومەتـــەوە و هەموو هونەرمەندەکانم خۆش دەوێت و پەیوەندیم لەگەڵیان زۆر ئاساییە، پێموانییە هۆکارێکـــی دیاریکراو هەبێت بۆ دروســـتبوونی ئەم ناکۆکییانە تەنیا لێك نەگەیشتنە زۆر جاریش دەزگاکانی راگەیاندن رۆڵێکی زۆر سلبییان هەیە لە دروست کردن و قوڵ کردنی ئەم ناکۆکیانە، هیوادارم گشت هونەرمەندان یەکتریـــان خۆش بوێ و لـــە ناکۆکی و گرفت دوور بن و رێز لە یەکتری بگرن، چونکە هونەر خۆشەویستی و رێزگرتنە.

*** چۆن سوودت لە هونەرمەندە گەورەکانی لوبنان وەرگرتووە؟**

- من هەمیشە گۆرانییەکانیان دەڵێمەوە و رەنگە خۆشەویستی من بۆ ئەوان یەکێـــك بێت لەو هـــۆکار و هاندەرانەی کە وایان لە من کرد روو لە بواری گۆرانی گوتن بکەم.

*** ژیانی رۆژانەت چۆن بەسەر دەبەی؟**

- هەوڵمداوە هاوسەنگییەك دروست بکەم، چونکە کاری هونەری پێویستی بـــە کات و ماندووبوونێکی زۆر هەیە، ئەگـــەر بەپێی بەرنامەیەکی دانراو نەبێت هونەرمەند ناتوانێت وەك پێویست سەرکەوتوو بێت.

*** ئەو کارانەی زۆر حەزیان لێدەکەی چین؟**

- زۆربەی کاروبارەکانی ناو ماڵ خۆم دەیکەم، هەروەها زۆر دڵم بە گەشت و گەڕان دەکرێتەوە و حەز دەکەم زۆرترین وڵاتانی دونیا ببینم.

***چی دەزانی دەربارەی هونەری کوردی و عێراقی؟**

بەداخـــەوە زانیاری ئەوتـــۆم نییە دەربارەی هونەری کـــوردی نییە، بەڵام پەیوەندییەکی باشـــم لەگـــەڵ زۆر لە هونەرمەنـــدە عێراقییەکان هەیە و زۆریـــش بە هونەری کازم ســـاهر و رەزا ئەلعەبدوڵڵا و ماجد ئەلموهەندس سەرسامم.

●●●


**من مرۆڤێکی زۆر هەستیارم رەنگە ئەمەش زۆر جار زیانم پێ بگەیەنێت**

●●●

●●●

**ئێستا سەردەمی دەنگ و رەنگە، منیش بەشێوەیەک لە شێوەکان نەشتەرگەریی جوانکاریم ئەنجامداوە**

●●●




# هونەرمەندان لە ساڵیادی

هونەر و هونەرمەندان بە گشتی یەکێکە لەو بوارانەی کە گۆڤاری گوڵان هەمیشە گرنگی پێداوە و بەردەوام هەوڵی ئەوەی داوە کە خزمەت بەو بوارە و هونەرمەندان بکات و پەیامی هونەرییان بە جەماوەر رابگەیەنێت و بۆ ئەوەی ببێتە مینبەرێك تێیدا هونەرمەندان بتوانن ئازادانە بیروڕا و سەرنجەکانی خۆیان دەرببڕن، ئەم کارە گوڵانیش بۆ ئەوە نەبووە کە تەنیا باس کردنی لایەنە سلبییەکان یان لەکەدار کردنی هەندێك کەس بێت بۆ بەدەستهێنانی هەندێك دەستکەوت، بۆیە حەزمان کرد هونەرمەندان خۆیان بە ئازادنە لە پازدەمین ساڵیادی دەرچوونیدا باس لە گوڵان بکەن بە لایەنە سلبی ئیجابییەکانییەوە.

ئا/ خەلیل بلەیی



**هونەرمەند دیاری قەرەداغی:**

لە ساڵیادی گۆڤارەکەتاندا جوانترین پیرۆزبایتان ئاڕاستە ئەکەم و ئومێدەوارم هەردەم لە خزمەتی پێشکەوتنی رەوتی رۆژنامەگەریدا بن و بەجوانی بەردەوام بن. خوازیارم بەشێکی باشی پەڕەکانی ئەم گۆڤارە رەنگاڵەیە بە گرنگییەوە لە دنیای بەرین و پیرۆزی هونەر بڕوانێت، هەر ئەوەش داوامە کە زۆر لایەنی جوان هەیە لە سەرجەم بوارەکانی هونەردا ببێتە جێگای بایەختان و بە تەنها هونەری گۆرانی پشکی شێری بەر نەکەوێت بەڵکو میوزیکار و شانۆکار وسینەماو دراماء شێوەکارانیش جێگای دیاری هەبێت لە لاتانء لە چاوپێکەوتنەکانتانا بەسەریان بکەنەوە..

دڵنیام بە هەموو وزەو توانایەکەوە کارەکانتان دێتە بەرهەم بۆیە جارێکی تر دەستی ماندوو نەناسیتان دەگوژم و هێوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.



**هونەرمەند قادر ئەسعەد:**


لە یادی ١٥ ساڵیادی دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری گوڵان گەرمترین و جوانترین پیرۆزباییتان ئاراستە دەکەم و دەستخۆشی لە هەموو ستاف و کارگێڕانتان دەکەم، پێتان دەڵێم دەستتان خۆش و هیوای بەردەوام بوونتان بۆ دەخوازم، لێرەدا دەمەوێ بڵێم ١٥ ساڵ بەردەوام بووم لەم خزمەتە پڕ شایستەو لە بن نەهاتووەی ئێوە بۆ خۆی گەواهێکی پڕ شانازیی و سەروەرییە بۆ گۆڤاری گوڵان، کاروانێکی بەردەوام پڕ لە بەخشش و خۆشەویستییە بۆ بەرز راگرتنی وشە و فەرهەنگی گەلی کوردمان، جارێکی تر هیوای بەردەوام بوون و سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.



**هونەرمەند حەمە رەئوف کەرکوکی:**

بەر لە هەموو شتێك پڕ بە دڵ پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی گشت ستاف و کارمەندانی گۆڤاری گوڵان دەکەم، ئەوەندەی کە من بە بەردەوام گۆڤاری گوڵان دەخوێنمەوە تێبینی ئەوەم کردووە کە ستافێکی بە تواناو کارامە و ماندوونەناس تێیدا کار دەکەن لە بوارەکانی سیاسی و رۆشنبیری و هونەری واتە لە هەموو بوارەکاند، سەبارەت بە بواری هونەری من تێبینی ئەوەم کردووە کە گۆڤاری گوڵان حەز دەکات لە هونەرمەندان نزیك ببێتەوە و چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا بکات و بەسەریان بکاتەوە لە هەمان کاتدا کارو چالاکییەکانیان بگەیەنێتە خوێنەران و لە نزیکەوە ئاگاداریان بێت لە هەموو لقەکانی هونەردا نەك تەنیا بواری مۆسیقا.

دیارە گۆڤاری گوڵان بە حوکمی تەمەنی ١٥ ساڵەی خۆی و لێهاتوویی ستافەکەی ئێستا خاوەن خوێ جەماوەرێکی زۆرە، هیوادارم لە ئایندەدا بتوانن بەو ستافەی ئێستا کاری تێدا دەکەن بە شێوازی جوانتر و گونجاوتر بتوانن بە قەڵەمەکانیان خزمەتێکی باشتر بە کێشە رەواکانی گەلی کورد بگەیەنن.



**هونەرمەند حەسەن شەریف:**

بە دڵێکی شاد و خۆشەوە سوپاستان دەکەم کە دەرفەتی ئەوەتان پێدام بە بۆنەی ساڵیادی رۆژنامەگەری کوردی بە گشتی و ١٥ ساڵەی دەرچوونی گۆڤاری گوڵان بەتایبەتی پەیامی پیرۆزبایی خۆم پێشکەش بکەم، گوڵان بەهێز وتوانایەکی زۆرەوە بەردەوام بووە لە خزمەت کردنی بوارەکانی سیاسی و کەلتووری میللەتی کورددا و توانیویانە شوێنێکی گەورە لەم بوارەوە لە نێو شۆڕشی بەردەوامی گەلی کورددا بکەنەوە و خزمەتێکی بەرچاویش پێشکەش شۆڕش و پێشمەرگە وهونەری کورد و هەموو تاکێکی کورد بکەن و تا ئێستا کاری گرنگ و پڕ بەهای ئەنجامداوە و زۆریش سەرکەوتوو بووە، هیوادارم رۆژنامەگەری کوردی بە گشتی و گۆڤاری گوڵان بەتایبەتی بە دڵێکی فراوانتر بەردەوام بێت و و لە چوارچێوە تەسکەکان دەربچن و زیاتر ئازاد بێت و رۆڵێکی ئازادانەی زیاتر ببینن لە ناوەڕۆکی بابەتەکانیاندا و دەرفەتی زیاتریان هەبێت، هیوادارم دەستەی نووسەرانی گوڵان ببن بە رۆژنامەنووسێکی کوردستانی بە هەموو ماناکانییەوە.











# گوڵان چی دەڵێن؟



**هونەرمەند عەباس محەمەد:**

ئەوەی من تێبینیم کردبێت و بیستبم گۆڤاری گوڵان یەکێکە لە گۆڤارە هەرە سەرکەوتووەکانی کوردستان لە گشت بوارەکاندا و کەموکوڕی زۆر کەمی تێدایە ئەگەر هەشـــیبێت، وەك تێبینی و ســـەرنجی تایبەتی خۆم پێم باشـــە کە گۆڤاری گوڵان و گشت گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان زیاتر بوێر و دیموکراتی بن لە نیشاندانی ڕاستییەکان وەکو خۆیان بە لەبەرچاوگرتنی بنەماکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ هیوای تەمەن درێژی و بەردەوامی دەخوازم بۆ گۆڤاری گوڵان لە ســـاڵیادی دامەزرانیدا کە هاوکاتە لەگەڵ ســـاڵیادی ڕۆژنامەگەری کوردی و دەرچوونی گۆڤاری گوڵان لەم ڕۆژەدا گرنگییەکی زیاتر دەدات بە گۆڤاری گوڵان.



**هونەرمەند جەلیل زەنگەنە :**

پـــڕ بـــە دڵ پیرۆزبایی ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی و ١٥ ســـاڵەی دەرچوونی گۆڤاری گوڵان لە هەموو کوردێك دەکەم، لە ڕاســـتیدا بوونی ئەم جۆرە گۆڤارانە لە کوردستان شایەنی ئەوەیە ڕێزیان لێبگیرێ لە هەمان کاتدا ئەوانیش دەبێ ڕاستگۆ بن و ببن بە ئاوێنەی میللەت و ئێش و ئازاری میللەتەکەیان دەرکەن، ببن بە ڕۆژنامە و گۆڤارێکی وا کە کەســـایەتی تاکی کوردی بگۆڕن لە کەســـایەتییەکی داشـــکاو و داڕماو کە لە خاك و سیاسەت و میللەت دابڕابوو بەهۆی ئەو توند و تیژییەی کە چەندین ساڵە دووچاری کورد هاتۆتەوە و بووە هۆی لاواز بوونی کەسایەتی هیوادارین ڕۆژنامەگەری کوردی پێشـــکەوتنی دونیا بۆ تاکی کورد ڕۆشن بکەنەوە و کەســـایەتییەکەی بگۆڕن بۆ کەسایەتییەکی بەهێزی بنیاتنەر کە بڕوای تەواوی بەخۆی هەبێت، گۆڤاریش چەند ڕاســـتگۆ بێت و لە دەربڕینی ئێش و ئازار ئەمانەت هەڵبگرێت ئەوەندەش بڕوای خەڵك بەدەســـت دەهێنێت و لێیانەوە نزیك دەبێت.



**کچە هونەرمەند نازدار جزیری:**

بێگومان میدیای کوردیش شان بە شانی خەباتی چەکداری و گیانفیدایی ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە بەرگری کردن لە مافەکانی گەلی کورد لە هەر چوار پارچەکانی کوردســـتان و مینبەرێك بووە بۆ گەیشـــتنی دەنگی کورد بە جیهانی دەرەوە، گۆڤاری گوڵان لە هەموو ســـەردانەکانمدا بەســـەری کردوومەتەوە و هەواڵ و چالاکییەکانی بڵاوکردومەتەوە و بە خوێنەرانی ڕاگەیاندووە، بەڵام ئەم کارەی گوڵان تەنیا بۆ من نەبووە وەك نازدار جزیری بەڵکو ئەوەی تێبینیم کردووە گوڵان هەمیشـــە بەدوای زانینی کارو چالاکیی گشـــت هونەرمەندان گەڕاوە بۆ ئەوەی بیگەیەنێتە خوێنەران لە هەمان کاتدا چاوپێکەوتن و دیمانەی لەگەڵ ســـاز کردوون بۆ دەربڕینی ڕاو بۆچوونی خۆیان بەشێوەیەکی زۆر ئازادانە، من بەم بۆنە پیرۆزەوە لە ناخی دڵەوە پیرۆزبایییەکی گەرم ئاراستەی یەکە یەکەی کارمەندانی ئەم گۆڤارە جوانە دەکەم هیوادارم بەشێوەیەکی جوانتر و ڕێکوپێکتر و پێشکەوتووتر بەردەوام بن لە بەجێگەیاندنی پەیامە پیرۆزەکەتان و خزمەتکردنی وشەی کوردی، هەر بەم بۆنەیەوە کە هاوکاتە لەگەڵ ســـاڵیادی ڕۆژنامەگەری کوردی و دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان پیرۆزبایییەکی گەرم لە هەموو کوردێك دەکەم لە هەر شوێنێکی جیهان بێت، دیارە دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان لەو کات و ساتەدا نیشانەی وشیاری تاکی کورد بووە و هەوڵێك بووە بۆ ئەوەی جیهان لە کێشە و ئازارەکانمان ئاگادار بێت.



**خانمە هونەرمەند نارین فەقێ:**

ئەوەی من تێبینیم کردبێت گوڵان یەکێکە لەو گۆڤارانەی کە هەمیشـــە خەمی ئەوە بووە کێشـــە و گرفتەکانی هونەرمەندان باس بکات و بەســـەریان بکاتەوە بۆ ئەوەی خۆیان باســـی لێوە بکەن ئەمەش کارێکی پیرۆزە و شایەنی ڕێز لێگرتن و شانازی پێوە کردنە بۆ ئێمەی هونەرمەندان، چونکە ئەگەر ڕاگەیاندن نەبێت هونەرمەند و جەماوەر بە یەکتر ئاشنا نابن وەکو پێویست و هەر ڕاگەیاندنە کە پەیام و هزری هونەرمەندان بە خوێنەر و جەماوەر دەگەیەنێت، لە پازدەمین ساڵیادی دەرچوونیدا پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لە گشت کارمەندانی گۆڤاری گولان دەکەم کە من یەکێك بوومە لەو هونەرمەندانەی لەو گۆڤارە دانەبڕاوم و بە بەردەوام کار و چالاکییەکانی منی بڵاوکردۆتەوە و بە خوێنەرانی ڕاگەیاندووە.




**خانمە هونەرمەند ئاڤان جەمال:**

پیرۆزبایی ساڵیادی رۆژنامەگەریی کوردی و ١٥ ساڵەی دەرچوونی گۆڤاری گوڵان لە گشت کارمەند و رۆنامەنووسانی ئەم گۆڤارە و گشت رۆژنامەنووسانی کوردستان دەکەم، هیوادارم گۆڤاری گوڵان گە پیێ دەنێتە ساڵێکی نوێی تەمەنییەوە زیاتر بە روخسارێکی جوانتر دەرکەوێت وکاری جوانتر و پوختتر ئەنجام بدات و ئەو کارانەی ئەنجامی دەدات یان ئەو بابەتانەی لەو گۆڤارە بڵاودەکرێنەوە بابەتی زانستی و هونەری بن بەجۆرێك هەموو کەسێك بتوانێت سوودیان لێ وەربگرێت و لە بواری هونەریشدا دەستپێشخەری هونەری هەبێت هیوای سەرکەوتن و بەردەوامیتان بۆ دەخوازم.



**هونەرمەند نزار سەلامی:**

بەم بۆنەی رۆژی رۆژنامەگەریی کوردیی پیرۆزبایی ئاراستەی هەموو رۆژنامەنووسانی کوردستان دەکەم بەتایبەتی ستافی گۆڤار گوڵان کە پازدەمین ساڵیادی دەرچوونی کە هاوکاتە لەگەڵ ئەم یادە پیرۆزە، هیوادارم کارمەندانی گۆڤاری گوڵان بەو گوڕ و تینەی پێی ناسراون بەردەوام بن، گوڵان هەمیشە هونەرمەندو رۆشنبیرانی کوردی بەسەر کردۆتەوە یەکێك لەوانە منم کە چەندین جار چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ساز کردووم و هەواڵ و چالاکییەکانی منیان بە خوێنەران گەیاندووە، من هیچ پێشنیارێکم نییە بۆ پێشخستنی گوڵان، چونکە ستافی گوڵان ستافێکی بە توانا و پرۆفیشناڵ و ماندوو نەناسن هەوڵیانداوە هەمیشە خزمەت بە سیاسەت و هونەر و کلتووری رەسەنی کوردی بکەن بۆیە بەراستی جێگای خۆشحاڵی و شانازییە کە لێرەوە بتوانم پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی کارمەندانی بکەم، چونکە توانیویەتی زۆر بە جوانی تێکەڵاو بە دونیار رۆشنبیری و هونەری بووە و ئەو رێچکەیەی گرتوویانەتە بەر رێچکەیەکی شارستانی وکوردییە کە خۆی لە هەموو بوارەکاندا ناساندووە و دەتوانم بڵێم گۆڤارێکە لە هەموو کوردستان و دەرەوەی کوردستانیش خوێنەری تایبەتی خۆی هەیە و جێگای شانازییە بۆ ئێمەی کورد ئەم جۆرە گۆڤارانەمان هەبێت، چونکە هەموو بوارەکانی ژیانی کوردەواری بەسەر دەکاتەوە، هیوادارم هەمیشە لەسەر ئەم رێچکەیەی بەردەوام بێت و ئەم قەڵەمە نەخشینانە هەر بە نەخشینی بمێننەوە و بتوانن زیاتر خزمەت بە کلتوور و رۆشنبیری کوردی بکەن .



**هونەرمەندی لاو ئاراس فاتیح:**

لە ساڵیادی رۆژنامەگەریی کوردی و دەرچوونی گۆڤاری گوڵاندا هیوای سەرکەوتن و پێشکەوتنی بەردەوام و زیاتر بۆ گۆڤاری گوڵان دەخوازم لە هەموو بوارەکاندا بەتایبەتی لە بواری هونەری هیوادارم بە یەك چاو سەیری هەموو هونەرمەندان بکەن و ببنە پردێکی پتەو لە نێوان هونەرمەند و خوێنەر و لایەنە بەرپرسەکان بۆ ئەوەی هەموو لایەك ئاگاداری کێشە و گرفتەکانی هونەرمەندان بێت لە هەموو بوارێکدا، هیوادارم پەیامی راستەقینەی خۆتان کە خزمەت کردنە بە وشەی کوردی بە ئەمانەتەوە بە خوێنەری کوردی رابگەیەنن و ئامانجی سەرەکیتان خزمەت کردن بێت بە کوردستان.



**هونەرمەند چۆپی:**

بە بۆنەی ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵان پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لە گشت کارمەندانی گۆڤاری گوڵان دەکەم، هیوادارم هەموو ساڵێك لە خۆشی و کامەرانیدا بن و بتوانن بەردەوام لە خزمەت کردنی کاروانی رۆژنامەوانی کوردی و ببێتە مینبەرك بۆ گەیاندنی پەیامی خەڵك بە گشتی و هونەرمەندان بەتایبەتی



**دەشنێ:**

پیرۆزبایی ئاراستەی هەموو ئەوانە دەکەم کە لە گوڵان کار دەکەن بەراستی گوڵان گۆڤارێکی زۆر خۆش و جوانە، پێشتر دووجار چاوپێکەوتنیان لەگەڵ من کردووە و وەکو خۆی دایانبەزاندووە.هیوای بەردەوامی بۆ گۆڤاری گوڵان دەخوازم.